**دافۆس دەبێتە رزگارکەری سستەمی سەرمایەداری؟**

عەلی مەحمود

کۆڕبەندی ئەمساڵی دافۆس ٢٠٢٤, وەك رابردوو لە چیاکانی ئەلپ لە شارۆچکەی دافۆسی بەرشیچوە چوو, ئەمساڵ کۆنگرەکە لە ژێر ناونیشانی بنیاتنانەوەی متمانە بوو, لە راستیدا هەوڵدانە بۆ گەڕاندنەوەی متمانە بە سستەمی کەپیتاڵستی, کە متمانەی لەدەستداوە, ئەمساڵ کۆڕبەندەکە بە بەشداری زیاتر لە ٢٨٠٠ کەسایەتی لە سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و نوێنەرانی کۆمپانیا زەبلاحەکانی جیهان لە نێویاندا نزیك ١٠٠ کەسیان ملیاردێرن, وە زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسایەتی سیاسی و سەرمایەداری گەورە و داهێنەرە ناسراوەکانی ئەمڕۆی جیهان لە بواری زیرەکی دەستکرد و تەکنەلۆژیا , لەوانە نزیك ١٠٠٠یان بەڕێوەبەری راپەڕاندنی کۆمپانیا زەبلاحە قۆرخکارەکانی جیهان بوون.

دافۆس تەنها کۆبونەوەی ملیاردێر و سەرمایەدارە گەورەکانی جیهانە, کۆبونەوەی پاراستنی سەرمایەدارانی لیستی فۆربیسە, ئەوانەی سیاسەت و ئابووری و دارایی جیهان ئەمڕۆ بەڕێوە دەبەن.

سەرمایەداری جیهانی لە رێگای چەندین تۆڕەوە خۆیان رێك خستووە, یەکیان کۆڕبەندی دافۆسە.

جەنگی ئۆکرانیاو روسیا، جەنگی ئیسرائیل-غەزە، هێرشی سەربازی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ سەر حوسیەکانی یەمەن, گرتنی دەروازی باب المندەب لە دەریای سور, تەنگژەی دەریای باشووری چین و تایوان, شەڕی چیپ لە نێوان هاوپەیمانی پیچنج قۆڵی ئەمەریکا, تایوان, کۆریای باشوور, ژاپۆن, هۆڵەندا بەرامبەر چین لە گرنگترین بابەتە سیاسییە گەرمەکانی کۆڕبەندەکە بوون.

لە کاتێکدا ئەمەریکا بۆ خۆی گەورەترین قەتڵگاکانی لە ماوەی ٥٤ ساڵی رابردوو بەسەر جیهاندا سەپاند, هەڵگیرسێنەری زیاتر لە ٨٠٪ی جەنگە

ماڵویرانکارییەکانی جیهان بوو, کەچی کۆڕبەندی دافۆس نیو سەدەیە لە ئاستیاندا لاڵ بووە.

کێشەی زیرەکی دەستکرد, نەبوونی یاساو ڕێسایەکی جیهانی گشتگیر بۆ سود وەرگرتن لێی مەترسییەکانی کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی مرۆڤ و داهاتووی مرۆڤایەتی, وە کاریگەری لەسەر ئاینده بە سەربازی و ئابووری و سیاسییەوە بابەتی گەرمی کۆڕبەندەکە بوو, پرسیارێك هەمووانی شۆك کرد ئەویش ئایا زیرەکی دەستکرد دەبێتە مامانی لە دایك بوونی شۆڕشی پێنجەمی پیشەسازی؟؟ .

وەك رابردوو پیسکەرانی ژینگە, بێکارکەرانی بێکاران, برسیکەرانی جیهان, قۆرخکەرانی داودەرمان, باسی ژینگەو بێکاری و هەژاری و مەترسی پەتای داهاتوویان کرد؟.

لە کاتێکدا خۆیان سودمەندی یەکەمن لە پیسکردنی ژینگە, قۆرخکردنی خۆراك. قۆرخکردنی داودەرمان لە ژێر بەهانەی مافی داهێنان, بێکارکردنی کرێکاران لە کاتێکدا کۆمپانیاکانیان قازانجیان چۆتە سەر, لە دوا پەیامیشیدا سەرۆکی تێسلا ئیلۆم ماسك کە سەرمایەکەی خۆشبەختانە بۆ ١٩٨ ملیار دۆلار دابەزی داوای لە کرێکارانی تێسلا کرد لە پاڵ ماکینەکانی کارکردنەکەیان بخەون.

گەڕان بە دوای مرۆڤایەتی بوون لە سستەمی سەرمایەداریدا محاڵە, لێ لێرە لەم دافوسە ٥٤ ساڵە ئۆلیگارشیەکانی جیهان بە شێوازی خۆیان کە دەیانەوێت چیاکانی ئەلپ بە دوای مرۆڤایەتی بووندا تەی دەکەن, وەلێ نەگەیشتن پێی نە دۆزیشانەوە, وەك جیهانی دیلمۆن و بەهەشتی عەدەن, هەر ناشی دۆزنەوە. کەچی کۆنگرە دوای کۆنگرە هەر خودی ئەمانە نا یەکسانی زیاتر دەکەن ژینگە پیستر دەکەن و شەڕ بەرفراوانترو گەورەتر دەکەن و چەکەکانیان وێرانکەرتر دەبێت, سستەمیش مەترسیدارتر, دەوڵەتی قوڵ قولتر دەبێت, دەپرسین ئایا دافۆس ئەم شارۆچکە ١٠٧٣٢ کەسییە بەهەشتییە نوسخەیەکی باشتری سەرمایەداری پێیە بۆ مرۆڤایەتی؟, ئەم گەڕانەی سەرمایەداری بە دوای مرۆڤایەتیدا لە دافۆس شانۆگەرییەکەو لە ناچارییەوەیە, چونکە ئۆلیگارشیەکان هەست بەوە دەکەن بەهۆی خولقاندنی نایەکسانییەکەیانەوە ئابلوقە دراون لە جیهان, ئەمڕۆ راپرسییەکانی

دەزگاكانی راگەیاندنی خۆیان دەریدەخەن نایەكسانی و پیسكردنی ژینگە و جەنگە یەك لە دوای یەكەكانیان بۆتە دێوەزمە, نارەزایەتییەكان لە دژیان رۆژو ساڵ لە دوای ساڵ رێكخراوترو رادیكاڵترو فراوانتر دەبن, ئەوانیش چارەسەریان تا ئێستا بۆ ئەم نەخۆشیە كوشندەیە نەدۆزیوەتەوە, تاكو ئەوانیش بەرێوەبەری جیهان بن ناشی دۆزنەوە چونكە ڤایرۆسەكە خۆیانن, نەخۆشییەكە لە گیرفانەكانی ئەواندایە.

كۆرپەندی دەوڵەمەندانی جیهان, رێكخەرانی ئەم سێركە گەورەیەی سەرمایەداری جیهانی, لەم نمایشە گاڵتە جارییەیاندا كە دەستەبژێری سەرمایەداری جیهانی بەشدارن تیایدا لەم خولەدا ژمارەیان ٢٨٠٠ كەسە, لە ٢٠٠ كۆبونەوەدا قسەو باس لەسەر داهاتووی ئەستێرەكەمان كرد, گفتوگۆ لەسەر چاككردنی سستەمی سەرمایەداری و درێژەدان بەو سستەمە دەكەن, قسە لەسەر سفرەی بەردەست و جێگای خەوتن و هەوای ناو سییەكانمان دەكەن, باسی مۆبایلی گیرفان و فرۆكە جەنگییەكانی ئاسمانەكانمان دەكەن, باسی درۆنەكان و فاكسینەكان و نرخی دۆلار و عەرش و قورش دەكەن.

دافوس شوێنی یەكتر بینینی ئەوانەی هۆكاری كێشەكانی نایەكسانی و پیسی ژینگەو شەرن. لەم پەنجا و چوار ساڵەدا ژمارەی دانیشتوانی زەوی لە ٣,٧ ملیاردەوە بۆ زیاتر لە ٨ ملیارد زیادی كرد. لەو ماوەیەدا ژمارەی ملیاردێرەكان سەدان جار زیادی كرد, بۆ یەكەمجار لە مێژوودا ١٢ ملیاردێری خاوەند زیاتر لە سەت ملیار دۆلار هەیە لە جیهان, ئێستا ئیلۆن ماسك خاوەند زیاتر لە ١٩٨ ملیارد دۆلارە , غەزە تەخت بوو, بەفری گرینلاند توایەوە, گەرمای هیندستان تینی سەند, خۆڵبارینی رۆژهەڵاتی ناوەراست سییەكانی لەكار خست , كەچی ئەمان هێشتا حەكایەتەكانی رابردوو دوبارە دەكەنەوە, باسی ژینگەو ئاشتی و یەكسانی دەكەن, تەنانەت بەخششەكانی گیتس و بافێت و ٢٠٠ لە هەرە دەوڵەمەندەكانی ئەمەریكا هیچی لە دەردو بەڵاكانی سەرمایەداری وەك زەكاتەكەی لە مەر خۆمان چارەسەر نەكرد, بگرە قەیرانەكان توندتر بونەوە. گیتس وێرای بەخششەكانی لە دەیەی رابردو گەیشتە ٤٥ ملیار دۆلار, كەچی ٩١ ملیار دۆلار قازانجی كردووە سەرمایەكەی بووە بە ١٤٤ ملیار دۆلار. وارن یافتیش بەخشترین سەرمایەداری جیهانە سەرمایەكەی تەنها لە ١٤ ساڵی

رابردوو ٣٨ ملیار دۆلار زیادی کردوە بووە بە ١٢٨ ملیار دۆلار, هەرچەندە لەو ماوەیەدا ٢٧,٥٤ ملیار دۆلار بەخششی کردووە.

پەنجاو چوار ساڵە ساڵە ئۆلیگارشییەکان جیهان لەم دافوسە کۆدەبنەوە, باسی دیموکراسیمان بۆ دەکەن, کەچی سەرۆکەکان بە دەستیانەوە بوونەتە سەربازی شەترەنج, رۆژ بە رۆژ دەسەڵاتی سیاسییان زیاتر دەبێت, لە سستەمەکەیان روکەشدا مام نازم بە عارەبانەکەیەوە و ئەحمەد ئیسماعیلەکەی لە مەرَ خۆمان هەردوکیان خاوەند یەك دەنگن؟.

لە کۆڕبەندەکەیان گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤایەتی دەکەن, کەچی ساڵ لە دوای ساڵ بە سەرمایەی زیاترەوە دێنەوە بۆ هەمان شوێن, لە نێوان کۆنگرەی ٢٠١٩ بۆ ئەم کۆنگرەی ٢٠٢٢ سەرمایەی ملیاردێرەکانی جیهان ٤و٧ ترلیۆن دۆلار زیادی کردووە, ژمارەشیان ٥٧٣ کەس چووە سەر, هەژارانیش ٢٦٠ ملیۆن زیادیان کرد, لەو لاوە نایەکسانی قولترو ژینگە پیستر و شەڕەکان ماڵوێرانکەرتر دەبن.

ئەوان ناوێرن و نایانەوێ پەنجە بخەنە سەر سەرچاوەی کێشەکان و گوێ لە بیستنی چارەسەرە راستەقینەکان بگرن, کە هەموو دەردوو بەڵاکان سستەمەکەی ئەوانە, چارەسەریش تەنها سستەمێکە لەسەر بنچینەی هەر کەس بە پێی کارو بەرهەمەکەی ... موچەی بنەڕەتی بۆ هەمووان, ئاشتی و دادپەروەری دامەزرابێت.

ئەوان کار ناکەن چۆرکەکە گەورەتر بکەن بەشی هەموو مرۆڤایەتی بکات, ئەوان دەیانەوێت چۆرکەکە بە بچووکی بمێنێتەوە هەر بۆ خۆیان بێت.

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠